NED DENG

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەکانی بەڕێوەبردنی کەرتی ئاو لە گەرمیان

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان خاوەنی ٥ سەرچاوەی ئاوی گەورەیە (زێی گەورە، زێی بچوک، پێشخاپور، روباری سیروان و روباری ئەڵوەن). هاوکات بەپشتبەستن بە بەسەرچاوەکانی دیکەی ئاوی سەرزەوی باران و چەمەکان و کارێزەکان رێژەی ئاوی سەرزەوی هەرێم دەگاتە ٢٠ ملیار مەترسێجا کە زۆرینە لە زێی گەورەدایە. سنوری گەرمیان لەرێگە پۆند، بەنداو، سەرچاوە ئاویەکانی دیکە و هاوکات روباری سیراون، پێکهاتەی ئاوی سەرزەویەکەی ساڵانە دەگاتە ٦٠ ملیۆن مەترسێجا.

# بەشی یەکەم: سەرچاوە ئاوییەکانی گەرمیان

## یەکەم: سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی گەرمیان

### ا. روبارەکان

١. روباری سیروان: درێژیەکەی ٣٨٦کم لە خاکی هەرێم بەرهەمی ئاوەکەی ١٤٠ مەتر سێجایە، پێشوتر ساڵانە بەپێی داتاکان زیاتر لە ٢ ملیۆن مەترسێجا ئاوی روبارەکە لە بەنداوی دەربەندیخانەوە بەردراوەتەوە بۆ گەرمیان.

٢. روباری هەواسان: یەکێکی دیکەیە لە روبارە گرنگەکانی گەرمیان و تێکەڵ بە روباری سیروان دەبێت، بەڵام بەهۆی دروستکردنی بەنداوەکانی: (ئەزگەڵە و هەواسان)ـەوە لەلایەن ئێرانەوە، بە یەکجاری داهاتی ئاوەکەی کەمی کردوە.

٣. روباری قۆرەتو: یەکێکی دیکەیە لە روبارەکانی گەرمیان کە پێشوتر نزیکەی ١٥ تاوەکو ٣٠ ملیۆن مەترسێجا ئاوی تیدابو، بەڵام بەنداوەکانی وڵاتی ئێران گەرچی ئاوی روبارەکەی بەرەو نەمان بردوە، لەگەڵیشیدا کوالیتی ئاوەکەی تێکداوە.

٤. روباری ئەڵوەن: سەرچاوەکەی ئێرانە، بەنێو قەزای خانەقین دا تێپەڕدەبێت و توانای گلدانەوەی ٣٨ ملیۆن مەتر سێجایە، بەڵام زیاتر لە ٨٥٪ ئاوەکەی لەدەستداوە، ئەو بەنداوانەی ئێران لەسەری دروستی کردون نزیکەی ١٠ بەنداوە و ٢١٠ ملیۆن مەترسێجا ئاو گلدەداتەوە.

### ب. ئاوی باران

بەپێی دابەشکاری زۆنەکان خاکی کوردستان هەرچوار جۆرە زۆنەکەی تێدایە کە بەپێی وتەی پسپۆڕی ئاو: خەلیل بەرزنجی، ئاوی باران ساڵانە لە هەرێم لە نێوان ١٥٠ بۆ١١٠٠ ملم لە ساڵێکدایە، دابەشکاری زۆنەکانیش بەمجۆرەیە:

١. ناوچەی وشک: لە ٢٥٠ ملم کەمتر بارانی تێدا دەبارێت لەساڵێکدا.

٢. ناوچەی نیمچە وشک: ساڵانە لە ٢٥٠ ملم بۆ٥٠٠ ملم بارانی تێدادەبارێت.

٣. ناوچەی نیمچەشێدار: ٥٠٠ ملم بۆ١٠٠٠ ملم بارانی تێدادەبارێت لەساڵێکدا.

٤. ناوچەی شێدار: ئەو ناوچانەن کە سەروی ١٠٠٠ ملم بارانی تێدا دەبارێت.

### بارانبارینی ٥ ساڵ لەگەرمیان

لە ساڵی ٢٠١٧ تاوەکو ٢٠٢٢، رێژەی دابارین بەپێی ئامارەکانی هۆبەی کەشناسی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، لە قەزا و هەندێک لە ناحیەکانی گەرمیان بەمشێوەیە بوە:

١. قەزای کەلار: (١٥٨٤.١) ملم .
٢. قەزای کفری: ( ١٤٤٥) ملم.
٣. قەزای خانەقین: (١٢٧٦.٣) ملم.
٤. ناحیەی مەیدان: (٢٣٣٠.٩) ملم.
٥. ناحیەی باوەنور: (٢١٣٥.٩) ملم.

### ت. پۆندەکانی گەرمیان

پۆند بریتییە لەو بەربەستەی کە بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و چەمە وەرزیەکان دروست دەکرێت، هاوشێوە کاری بەنداوە، بەڵام لە روی قەبارە و توانای گلدانەوەی ئاووە کەمترە.

لەگەرمیان دا (٩) پۆند بونیان هەیە، کە ئەمانەن:

١. عەلی میر، ناحیەی قۆرەتو، قەزای خانەقین.
٢. تەنورە، ناحیەی قۆرەتو، قەزای خانەقین.
٣. رەزوار ناحیەی قۆرەتو، قەزای خانەقین.
٤. ئاوبار، ناحیەی مەیدان، قەزای خانەقین.
٥. بێستانە، ناحیەی شێخ تەویل، قەزای کەلار.
٦. تورکە، ناحیەی شێخ تەویل، قەزای کەلار.
٧. ملەسورە، ناحیەی سەرقەڵا، قەزای کفری.
٨. تاڵەوان، قەزای کفری.
٩. دوانزە ئیمام، قەزای کفری.

بەوتەی بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، موئەیەد ئەحمەد، سەرجەم پۆندەکان لەسەر رێرەوی باران و چەمەکان دروستکراون. جگە لە دوانیشیان کە رێکخراوەکان دروستیان کردوە، ئەوانی دیکە حکومەت دروستی کردون.

هەندێک لە هاوڵاتیان، خۆیان پۆندیان بۆ گلدانەوەی ئاو دروست کردوە.

ستار عەزیز، لە ساڵی ٢٠١٠ پۆندێکی لە سنوری گوندەکەی خۆیان (گوندی جەبراوە/ ناحیەیی قۆرەتو/ قەزای خانەقین) دروستکرد لەسەر ئەرکی خۆی، باس لەوەدەکات بەهۆی وشکەساڵیەوە رو لە وشکبونە.

لەبارەی ئەوەی پۆندەکانی گەرمیان چەندێک ئاوی سەرزەوی دابین دەکەن؟ موئەیەد ئەحمەد، دەڵێت: بەنزیکەیی ساڵانە ٢ ملیۆن مەترسێجا ئاو گلدەدەنەوە.



## گرفتی پۆندەکانی گەرمیان

زۆربەی پۆندەکانی گەرمیان پشتگوێخراون، بەجۆرێک هیچ نۆژەنکردنەوەیەکیان بۆ ناکرێت.

بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان دەڵێت: لەکۆی ئەو ٩ پۆندەی دروستکراون، شەشیان پێویستیان بەنۆژەنکردنەوەیە، چونکە سالانە قوڕولیتاوێکی زۆر لەخۆدەگرن، دەبێت ٣ سال جارێک نۆژەنبکرێنەوە.

موئەیەد ئەحمەد، دەشڵێت: ئەمە وادەکات توانای خەزنکردنی ئاویان کەمبێتەوە و نەتوانرێت بۆ ماوەی ساڵێک یان دوساڵ ئاو خەزن بکەن.

بەشێکی دیکەی گرفتەکان، بچوکی پۆندەکانە، چونکە تاوەکو تەنک بێت، کرداری بەهەڵم بون خێراتر دەبێت.

عەبدولموتەڵب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ئاو و ژینگە، دەڵێت: رۆڵی پۆندەکان کەمن، بەڵام تێچویان زۆرە و سالانە رێژەیەکی زۆری قوڕولیتاوی تێدا بەرزدەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بە سیانەکردن و چاکسازیی و پاککردنەوەی زۆر هەیە.

لەبارەی سودی پۆندەکانەوە وەکو سەرچاوەیەکی ئاو، بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، موئەیەد ئەحمەد، باسی لەوەکرد: رێڕەوی باران سودی باشی هەبوە بۆ پۆندەکان کە لەگوندەکان دا هەن.

دەشڵێت: ئێمە لەرێگەی پۆندەکانەوە ئاوی خواردنەوە بۆ ئاژەڵداری بۆ گوندەکان دابین دەکەین.

لەبەرامبەردا عەبدولموتەڵب رەفعەت، تێبینی کردوە نەتوانراوە سود لەئاوی باران وەربگیرێت، چونکە وەکخۆی وتی: پۆندەکان قەبارەیان بچوکە و وایکردوە ئاوی کۆکراوەی نێو چەمەکان راستەوخۆ بڕۆنە ناو روباری سیروانەوە پاشانیش بۆ ناوەڕاستی عێراق بڕۆن.

دەشڵێت: دەکرا چەندین بەربەستی کۆنکریتی هەبوایە، بەڵام نەکراوە.

بەوتەی وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، لە سنوری گەرمیان دا چەند پۆندێکی دیکە دروستدەکرێن.

حسێن حەمەکەریم، وتی: بۆ سەرجەم ناوچەکانی کوردستان پلانمان هەیە ٢٤ پۆند جێبەجێ بکرێت، ٢ پۆندیان لە گەرمیانە.

بەوتەی بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، دو پۆندەکە لە گوندی سەرقزڵ لە ناحیەی قۆرەتو و گوندی سەید حسێن لە قەزای کفری دەبێت، جگە لەوەی پۆندی گوندی گۆبان لە قەزای کەلاریش تەواو دەکرێت کە کارەکانی راگیراوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە.

## پ. بەنداوەکانی گەرمیان

١. بەنداوی باوەشاسوار: دەکەوێتە قەزای کفریەوە، توانایی گلدانەوەی ٦ ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە و پشت بە ئاوی چەم و باراناو دەبەستێت.
٢. بەنداوی ئەڵوەن: لە قەزای خانەقینە، توانا گدانەوەی ٣٨ ملیۆن مەتر ئاوی هەیە و پشت بە ئاوی روباری ئەڵوەن و سەرچاوە ئاویەکانی دیکەی هاتو لە ئێران و ئاوی باراناو دەبەستێت.
٣. بەنداوی حەسەن کەنۆش: لە ناحیەی سەنگاو، توانای گلدانەوەی ١ ملیۆن لیتر ئاوی هەیە. (ئەگەرچی ئەم بەنداوە لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا نیە، بەڵام هاوسنوری گوندەکانی ئیدارەکەیە).

لەگەڵ ئەوەشدا ٤ بەنداوی دیکە دیزاین کراون و هەندێکیشیان دەستیان پێکرا و دواتر بە کاریگەریی قەیرانی دارایی راگیران، کە بریتی بون لە:

١. بەنداوی باوەنور: لە ناحیەی باوەنور/ کەلار، توانایی گدانەوەی ئاوەکەی ٧٠ ملیۆن لیترە و لەسەر روباری سیروانە.
٢. بەنداوی بەردەسور: لە قەزای کەلار، توانای گلدانەوەی ١٥ ملیۆن مەتر ئاوی هەیە و لەسەر روباری سیروانە.
٣. بەنداوی ئاوەسپی: لەناحیەی ئاوەسپی/ کفری، توانای گلدانەوەی ٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی دەبێت و لەسەر ئاوی چەمی ئاوەسپیە.
٤. بەنداوی خۆرنەوازان: لە قەزای کفری، توانای گلدانەوەی ١١ ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە و لەسەر ئاوی چەمی خۆرنەوازانە و تەواو نەکراوە.

بەنداوەکانی گەرمیان لەروی سەرچاوەی بەکارهێنان و کشتوکاڵ، گرنگیەکی زۆریان هەیە، بەڵام لەگەڵێشیدا سودی بۆ ئاوی خواردنەوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ نەبوە.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری ئاوی دەوروبەری گەرمیان، وتی: نەمانتوانیوە بە سودوەرگرتن لە ئاوی بەنداوەکان، ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتیان دابین بکەین.



## ج. پرۆژە ئاوییەکانی سنوری گەرمیان

مەبەست لەو پرۆژانەن کە بەمەبەستی ئاودێرییکردنی زەوی کشتوکاڵی و هەروەها گەیاندنی ئاو لە روبار یان چەمێک لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دروست کراون.

بەگشتیش پرۆژە ئاوییە ستراتێژیەکانی گەرمیان، خۆیان دەبیننەوە لە ٤ پرۆژە:

١. پرۆژەی باڵەجۆ: لەناحیەی قۆرەتوە، ١٠ مەترسێجا ئاوی تێدایە و ٣٥ هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکات.
٢. پرۆژەی سەلام: لەناحیەی کۆکس، قەزای کفری، ٤ مەتر سێجا ئاوی تێدایە، ١٧ هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکات.
٣. پرۆژەی قەرەبلاخ: لە گوندی گردەگۆزینە، قەزای کەلار، ٢,٤ مەترسێجا ئاوی تێدایە، ١٢٠٠ دۆنم زەوی بەراو دەکات.
٤. پرۆژەی شێخ لەنگەر: لەناحیەی کۆکس، قەزای کفری، ٧ مەتر سێجا ئاوی تێدایە، ١٧ هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکات.
٥. پرۆژەی ئاودێری باوەشاسوار: لە قەزای کفرییە و درێژیەکەی ٢٣٠٠ مەترە و لەتوانای دایە بڕی ١٠٣٠ دۆنم زەوی بەراو بکات.

هاوکات لە ناحیەی مەیدان ٢ پرۆژە هەیە (شاوازی وکانی کرمانج)، کە بە رێژەی ٣٠٪ تەواوکراون و درێژیەکەیان ٢٣٠٠ کیلۆمەترە و ٨٥٠ دۆنم زەوی بەراو دەکەن.

هاوکات پرۆژەی «پاڵدانی ئاودێری بۆ کەلار»، گرنگترین پرۆژەی ئاودێری ناوچەکەیە، بەڵام نەکەوتە کار و کێشەی تێدابو و شکستی هێنا، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە رەدکرایەوە کە نۆژەنبکرێتەوە و دوبارە کاری تێدا بکرێتەوە.

پرۆژەکە نزیکەی ٣ هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکرد، لە پشتی زانکۆی گەرمیان تاوەکو ناحیەی رزگاری دەچو کە ٣٧ مەتر ئاو بەرزدەکاتەوە، بەڵام پێویستی بە دابین کردنی پەمپ و نۆژەنکردنەوەیە کە بەوتەی بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان داواکاری بۆ ئەو مەبەستە کراوە، بەڵام لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەتکراوەتەوە.

## دوەم: ئاوی ژێرزەوی گەرمیان

### ا. سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیان

#### ١. بیر:

بەیەکێک لە کۆنترین ڕێگاکانی دەرهێنانی ئاو هەژماردەکرێت. سنوری گەرمیان خاوەنی ١٨٢٦ بیرە کە بەشێوەی فەرمی تۆمار کراون.
هاوکات بیر لە روی قوڵیەوە زیاتر لە ١٠ مەتر تیدەپەڕێنێت و دەتوانرێت بۆ ئاوەی خواردنەوە و پێداویستی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەکاربێت لەو شوێنانەی سەرچاوەی ئاوی دیکەیان دورە یان کامە.

#### ٢. ناعور

کەمتر لە بیر قوڵترە، بەشێوەیەک قوڵیەکەی لەنێوان ٥-٨ مەتر دەبێت و لە نزیک سەرچاوە ئاویەکانی سەرزەوی لێدەدرێت بۆ دەستخستنی ئاو. لە گەرمیان ٣٠ ناعور هەن کە بەزۆری بۆ پرۆژە کشتوکاڵیەکان بەکاردەهێنرێن.



#### ٣. کارێز و کانیاوەکان:

بە ڕێگەیەکی سروشتی بەبێ دەستکاریکردنی مرۆیی، لەنێو چینەکانی زەویدا هەڵدەقوڵێن و دەتوانرێت بۆ خواردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵداری و هەندێک کاتیش بۆ کشتوکاڵ بەتایبەت لە گوندەکان سودیان لێوەردەگیرێت. ئەگەرچی بەشی زۆریان بەکاریگەریی وشکەساڵی رو لە وشکبونن، بەڵام بەگشتی لە گەرمیاندا ژمارەی کانیەکان ٩٣ و کارێزەکانیش ١٩ دانەن.

### ب. ڕێژەی ئاوی ژێرزەوی لەگەرمیان

خەملاندن یاخود هەبونی داتا ئەگەر بەنزیکەیش بێت بۆ زانینی بڕی ئاوی ژێر زەوی لەگەرمیان، بەهیچ جۆرێک بەردەست نیە.
بەڕێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، حامد جومعە، دەڵێت: تاوەکو ئێستا نازانین ڕێژەی ئاوی ژێرزەوی سنورەکە چەندە، ئەوەی بەردەستە تەنها ئاستی ئاوی ژێر زەویە لە ڕێگە بیرەکانەوە.

### ت. جۆرەکانی ئاوی ژێر زەوی لەگەرمیان

١. ئاوی تازەکراو: لە ڕێگەی بارانبارینەوە ساڵانە کۆدەبێتەوە و بە هەڵکۆڵینی زەوی بە ئاستێکی کەم یان مامناوەند پێی دەگەیت. هەمو ئەو بیرانەی لە ناوچەکە هەن لەو جۆرە ئاوە دەردەهێندرێن کە بۆ: خواردنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازی و...هتد بەکاردەهێنرێن.

٢. ئاوی تازەنەکراو: ساڵانە تازەنابێتەوە، بەڵکو چەندان ساڵە لەژێر زەویدا پەنگی خواردوەتەوە. ئەم ئاوە لە قوڵایی دایە و بۆ گەیشتن پێی پێویست دەکات بیر بە قوڵایی ٦٠٠ مەتر و زیاتر لێبدرێت.
بەوتەی بەڕێوبەری ئاوی ژێر زەوی گەرمیان، هیچ بیرێکی لەمجۆرە لە گەرمیاندا بونی نیە.

# بەشی دوەم: دابەشکردنی ئاو لەگەرمیان

## ١. بڕی دابەشکردنی ئاو

دابەشـکردنی ئـاو لە هەرسێ قەزاکەی سـنورەکە و ناحیەکانی دەوروبەری، بەمجۆرەیە:

١. قەزای کەلار: ڕۆژانە ٨٠ هەزار مەترسێجا ئاو دابەشدەکرێت.
٢. قـەزای خانەقیـن: ڕۆژانە بڕی ٢ هەزار و ٢٥٠ مەترسـێجا ئاو دابەشدەکرێت.
٣. قـەزای کفـری: ڕۆژانـە بـڕی ١٠ هـەزار مەترسـێجا ئـاو دابەشدەکرێت.
٤. ناحیــەی شـێخ تەویل/ کـەلار: ڕۆژانە ٥٠٠ مەترسـێجا ڕۆژانە دابەشدەکرێت.
٥. ناحیەی باوەنور/ کەلار: ٣ هەزار مەتر لە ڕۆژێکدا دابەشدەکرێت.
٦. ناحیـەی قۆرەتـو/ خانەقیـن: ٨٠ مەتـر سـێجا لـە ڕۆژێکدا دابەشدەکرێت.
٧. ناحیـەی ڕزگاری/ کـەلار: ١٢ هـەزار و ٥٠٠ مەتـر سـێجا لە ڕۆژێکدا دابەشدەکرێت.
٨. ناحیـەی ئاوەسـپی/ کفـری: ٤٠ مەتـر لـە کاتژمێرێکـدا دابەشدەکرێت.



## ٢. ڕێژەی بەکاربردنی ئاو لە بوارەکانی دیکە

دابەشکردنی ئاو لەنێوان ماڵان و پرۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان دا دیاری نەکـراوە، لەکاتێکدا بەڕێوبەرایەتی ئـاوی کەلار ئاو بۆ ناوچـەی پیشەسـازی دابیندەکات، بـەڵام قەبـارەی بەکاربردنی نادیارە، ئەمە بۆ پرۆژە کشتوکاڵیەکانیش بە هەمانشێوەیە.

بەوتـەی سـەرۆکی شـارەوانی کەلار، زیاتر لە ١٢٠٠ شـوێنکاری ناوچەی پیشەسازی لەکەلار، لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلارەوە ئاویان بۆ دابین کرێت.

هاوکات بەڕێوبەری ئاوی کەلار، سـامان ڕەحیم، باسـی لەوە کرد هاوشێوەی ماڵان ڕۆژانە کاتژمێرێک بۆ کاتژمێر و نیوێک ئاو بۆ ناوچەی پیشەسـازی کەلار دابین دەکرێت، بەڵام ڕێژەکەی دیاریی نەکراوە و جیانەکراوەتەوە لە ڕوی بەکاربردنەوە.

هـاوکات ئـەم گرفتە بۆ خودی پـرۆژە کشـتوکاڵیەکانیش هەیە، کشـتوکاڵی گەرمیـان داتـای نیـە سـەبارەت بە سـودوەرگرتنی جوتیاران لە بڕی ئاو.

بەوتەی بەڕێوبەری کشـتوکاڵی گەرمیان، شادییە حسێن، ڕوباری سـیروان بـە پلەی یەکەم هەژمـار دەکرێت بۆ سـود لێوەرگرتنی لەلایەن جوتیارانەوە بۆ کشتوکاڵکردن، بەشێوەیەک ٣٥١٥ جوتیار پشـت بە ئاوی ڕوباری سیروان دەبەسـتن، بەڵام هاوشێوەی ئەو ئامارەیان لەبەردەستدانیە کە چەند لە ئاوی ڕوبارەکە بەکاردێتەوە و بەوتەی خۆشیان گەورەترین کیشەیان نەبونی داتای پێویستە.

بەوتـەی عبدولموتەڵب ڕەفعەت، پسـپۆڕی بواری ئـاو، گرفتێکی زەقی بەڕێوەبردنی ئاو لە گەرمیان ئەوەیە نازانرێت ئاوی پێویست بۆ سـێکتەرەکانی کشتوکاڵ پیسەسازی چەندە، کە بەوتەی خۆی ئەمە ئاماژەیە بۆ «بەهەرەمەکی بەڕێوبەردنی ئەو کەرتە».

دەشـڵێت: بۆ وەرگرتنی هەر داتایەکی پەیوەسـت بە ئاو، دەبێت چەندیـن بەڕێوبەرایەتی بگەڕێیت، بـەڵام دواتریش هیچ داتایەکی دروست دەستناخرێت.

# بەشی سێیەم: کێشە و ئالەنگاریەکانی بەردەم ئاو لە گەرمیان

## ١. بەفیرۆدان

بەفێرۆدانەکانی ئاو لە چەند خاڵێکدا کۆبونەتەوە، لەوانە: بەفیرۆدانی ئاو بەهۆی تۆڕەکانی ئاوەوە، زیاتر بەکارهێنانی لەلایەن هاوڵاتیەوە، بەفیرۆدانی لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ....هتد.
بەوتەی بەڕێوبەری ئاوی کەلار، بەهۆی کۆنبون و خراپبونی تۆڕەکانی ئاو و نۆژەن نەکردنەوەیان، ڕۆژانە بڕێکی زۆر لەئاوی قەزاکە بەفیرۆدەچێت، بەشێوەیەک ئەم هۆکارانە وایانکردوە ڕۆژانە ٩٠ لیتر ئاو بۆ هەر تاکێک بەفیرۆبچێت.
بابەتەکە لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریشدا بەهەمانشێوەیە، بە ڕادەیەک هیچ پێوەر و بەرنامە و تەنانەت پلانێکیش نیە لە ڕێگەیەوە بزانرێت ئەو ئاوەی دابین کراوە بۆ جوتیار بەپێی پێویستە یان زیاترە و بەدواداچون نەکراوە کە بە فیعلی چەندی بەکاردێت.
موئەیەد ئەحمەد، بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، دەڵێت: بۆ هەر ١٠٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی، یەک ئینچ ئاو بەسە، بەڵام لێرە بۆ ئەو ڕوبەرە زەویە ٧ ئینچ ئاو دابین کراوە، کە بە ڕاستی ئەمە کارەساتە و لە ماوەی ٢ ساڵی وشکەساڵیشدا هیشتا ڕێکخستنەوەیان بۆ نەکراوە.
گلنەداوەی ئاو لە ڕێگەی پۆند و بەنداوەکان، هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەهەدەردانی ڕاستەوخۆی سامانی ئاو، بەشێوەیەک ئەو ئاوانەی ساڵانە لە ڕێگەی چەم و ڕوبار و بارانەوە لە سنورەکە کۆدەبنەوە، سودی تەواوەتی لێنابینرێت و بە ڕوبارەکاندا دەڕۆنە ناوچەکانی دیکە.
بەوتەی موئەیەد ئەحمەد، وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی هەیە بۆ دروستکردنی پۆند و تەواوکردنی بەنداوەکان، بۆ چارەسەری ئەم بەهەدەردانە.
گرفتی بەهەدەردان لە ئاوی ژێرزەویدا بە زەقی بونی هەیە، بەڵام هیچ داتایەک نیە کە بزانرێت ئاستی بەفیرۆدانەکە چەندە.
حامد جومعە، بەڕێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، دەڵێت: ناتوانرێت بزانرێت بەفیرۆچونی ئاو چەندە، بەڵام لەزۆربەی بوارەکان دا هەیە، بۆ نمونە: پرۆژەکانی نیشتەجێبون لەکاتی دروستکردنیان دەیانەوێت خۆیان ئاو دابین بکەن و دەچن بیر لێدەدەن.
ئاوی دەوروبەری گەرمیان بە ڕێژەی ٢٥٪ داتای بەفیرۆچونی ئاویان دیاریکردوە. نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتیەکە دەڵێت: ڕێژەکە بەهۆی زۆری بەهەدەردانە لەلایەن هاوڵاتیەوە.
بۆ ناحیەیەکی وەکو باوەنور، ڕۆژانە ٣ هەزار مەترسێجا ئاو دابەشدەکرێت لە ڕێگەی بیرەکانەوە، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی ناحیەکە دەڵێت: ئێمە چەند هێندەی پێویست ئاو دابین دەکەین، چونکە بەشێکی زۆریماڵەکان زیاتر لە یەک سەرچاوەی ئاویان هەیە و تاوەکو ئێستاش دایناخەنەوە، بەمەش ئاوێکی زۆر بەفیرۆدەچێت.

## ٢. پیسبونی سەرچاوەکانی ئاو

لە دەرەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری لە بەرپرسان و پسپۆڕانی بواری ئاو، پیسبونی سەرچاوە ئاویەکان لە گەرمیان چەند جۆر و ئاستێکە، لەوانە: پیسبون بە هۆی ڕێڕەوی زێرابەکانەوە، پیسبون بەهۆی خاشاک و زبڵ، پیسبون بەهۆی پاشماوەی کارگەکان و پاشماوە پیشەسازی و بیناسازیەکانە و کەمبونی ئاستی ئاوەکە کەدەبێتە هۆی تێکچونی کوالێتی ئاوەکە.
کێشەکی سەرەکی پیسبونی ئاوی سەرزەوی، تێکەڵبونی ئاوەڕۆ و زێرابی ماڵانە بە سەرچاوەی ئاوەکان، بەتایبەت لە کەلار کە پرۆژەی ئاوەڕۆی قەزاکە لە نزیک گوندی گردەگۆزینەوە تێکەڵی ئاوی ڕوباری سیروان دەبێت کە پرۆژەی ئاودێری شێخ لەنگەری لەسەرە.
هاوکات لەهەندێک شوێن ئاوی بیرەکان تێکەڵ بە ئاوەڕۆ بون، لەنمونەی ناحیەی باوەنور.
بەڕێوبەری ئاوی ژێر زەوی گەرمیان، دەڵێت: سەرچاوەی ئاو لە سلێمانیەوە تاوەکو دیالە هەموی بەو جۆە پیسبون، دەبێت شارەوانی ڕێگری لەو حاڵەتە بکات و یەکەی پالاوتنی ئاو دابنرێت بۆ دوبارە بەکاربردنی ئاو.
هەروەک موئەیەد ئەحمەد، لەمبارەوە وتی: شارەوانی کەلارمان لەو بابەتە ئاگادار کردوەتەوە کە ئەوە ئەرکی ئەوانە بەتایبەت دەبێت ڕێڕەوی زێرابەکە بگۆڕن کە چەند جارێک چارەسەریان کردوە، بەڵام دیسان تێکچوەتەوە.
لەبارەی پیسبون بە پاشماوەی پیشەسازی و کارگەکانەوە، بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات: سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی پارێزراون و توشی ئەو گرفتانە نەبوە بەتایبەت لەڕێگەی کارگەکانەوە، چونکە خاشاکێکی زۆر تێکەڵیان نەبوە.
هەرچی پیسبونی ئاوی ژێرزەویە، ئەویش چەند جۆرێکە، لەوانە: کیمیایی، بایەلۆجی و فیزیایی.
پیسبونی کیمایی بەر بڵاوترین حاڵەتی پیسبونی ئاوی ژێرزەوی گەرمیانە، بەتایبەت چارەسەرنەکردنی خاشاک و تێکەڵ بون بەسەرچاوە ئاویەکان. هاوکات دەرمانی پزیشکی و ئاوەڕۆی نەخۆشخانەکان یەکێکی دیکەن لە مەترسیەکانی پیسبونی ئاوی ژێرزەوی.
جۆرێکی دیکەی پیسبونی ئاو، پەیوەندی بەکەمبونەوەی ئاو هەیە کە وادەکات ئاوەکە کوالێتی خۆی لەدەست بدات و بە شیاوی خواردنەوە نەمێنێت. بەوتەی حامد جومعە، ٤ بیر بەو هۆیەوە لە کەلار داخراون.
بەڕێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، هەروەها وتیشی: ڕەنگە ئاوی ژێر زەوی درەنگ تێکبچێت، بەڵام کە تێکچو چارەسەری ئەستەمە، چونکە لەم ڕێگەیەوە ڤایرۆس و بەکتیریا تێکەڵ دەبێت.

## ٣. نەبونی داتای بیری ئاو

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری بیر لەسنورەکەداهەیە و بەسەر پرۆژەکان و کشتوکاڵ ماڵاندا دابەشبون، بەڵام ئاماری بەکارهێنانی بۆ هیچ لەو بوارانە بەردەست نیە و نازانرێت بەکارهێنانەکە چەندە.
تاوەکە ئێستا ١٨٠٠ بیری فەرمی هەیە لە گەرمیان، بەوتەی بەرێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، ژمارەی بیری ناپاسایی لە بیرە یاساییەکان زیاترە، تەنانەت حکومەت خۆیشی بیری نایاسایی لێداوە.
حامد جومعە، وتی: لە هەوڵی ئەوەداین بزانین بیرەکانی سنورەکە ژمارەیان چەندە؟
باس لەوەشدەکات ژمارەی بیرە نایاسیەکان نازانن، بەڵام زیاترە لە فەرمیەکان، بەشێوەیەک دەزگایەکی حکومی وەکو شارەوانی بیری نایاسایی لێداوە.
لەمبارەوە وتی: نوسراومان بۆ شارەوانی کەلار کرد کە بزانرێت چەند بیریان هەیە بۆ ئاودانی باخچەکانیان، وەڵامیان داینەوە کە ١٠٠ بیریان بۆ ئەو مەبەستە سودیان لێوەردەگیرێت، کە تەنها ٧-٨ بیریان بەفەرمی مۆڵەتی پێدراوە و ئەوانی دیکە بەبێ ئاگاداری ئێمە کراون.
نەبونی داتا لە زۆر بواری تری پەیوەست بەئاو دوبارە دەبنەوە، نە ژمارەی بیرەکان بە وردی دەزانرێت، نە ژمارەی بەکارهێنانی ئاو بەگشتی و نە بڕی داهاتی ساڵانەی ئاو و نە خەرج کردن و نە بە فیڕۆدان.



## ٤. بەکارهێنانی ئاوی شیرین لە پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی دا

لە زۆر شوێنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و شوێنکاری پیشەیی دا، بۆ بەدەستخستنی ئاو، بیر لێدەدرێت، بەشێکی ئەوانەش بە نایاسایی و بە «قاچاخ» کراون.
زۆرینەی رێژەی بیری قاچاخ و نایاسایی لە باخ و کێڵگە کشتوکاڵیەکان دایە، بەشێوەیەک بە سەدان بیر دەخەمڵێنرێت.
سەروی ١٦٠ کارگە لە گەرمیاندا هەن، کە ئەمانە پشت بە ئاوی بیر دەبەستن، ئیتر چ بیرەکە بە یاسایی و مۆڵەت وەرگرتن دروستکرابێت، یان بە قاچاخ و بێ مۆڵەت.
١٠ شوشتنگەی ئۆتۆمبیل لەقەزای کەلار دا هەیە کە بە ئاوی ژێر زەوی گەرمیان کاردەکەن و بەهیچ شیوەیەک مۆڵەتی بیریان پێنەدراوە.
جەختی لەوەکردوە پێشەنگاکانی ئۆتۆمبیل بیریان لێداوە بەبێ ئەوەی رەزامەندی بدرێت یان ئاگادار بن، حامد جومعە وای وت.
هەمو ئەم پرۆژانە، بە ئاوی شیرین ئاویان بۆ دابین دەکرێت، ئەو ئاوەی کە بۆ خواردنەوە شیاوە، کە ئەمەش بە هەدەردانە لە بڕ و رێژەی ئەو ئاوەی کە هەیە.
«بەهیچ جۆرێک نە پێویستە نەگرنگە، بەڵکو بەهەدەردان و مەترسیەکی گەورەیە ئاوی شیرین راستەوخۆ بگاتە شوشتنگەکان یان شوێنی پیشەسازی کە پێویست نیە، لەهیچ کوێ ئەمە ناکرێت، بەڕاستی لێرەوە مەترسی بۆ سەر ئاوی شیرین و خاوێن دروست دەبێت کە دەتوانرێت ئاوی بەکارهێنراو بپاڵێورێت و پاشان بۆ ئەو شوێنانە دابین بکرێت». ئەمە وتەی پسۆڕی ئاو، عەبدولموتەڵیب رەفعەتە.

## ٥. پشتبەستنی زۆر بە ئاوی ژێرزەوی

ئەگەرچــی ژمارەی بیرە فەرمیەکان لە ســنوری گەرمیان نزیکەی ٢ هــەزار بیرە، بەڵام بەرێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان دەڵێت: ئەوەی تۆمار نەکراوە لەو رێژەیە زیاتر نەبێت کەمتر نیە.

بە رای عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆری ئاو، جێی مەترسیە کە نەزانرێت رێژەی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان چەندە، دەشڵێت: ئاوی ژێرزەوی بۆ پشت بەستنە لە کاتی پێویست، نەک پشتگوێ خستنی ئاوی سەرزەوی و بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی. لە قەزای کفری و ناحیەی رزگاری، بە رێژەی ١٠٠٪ پشت بەئاوی ژێرزەوی دەبەسترێت.

«پشـت بەسـتن بە ئاوی ژێر زەوی ئەو مەترسـیەیە کە ١٠ ساڵ پێش ئێســتا ئاماژەمان پێداوە، بەڵام بەڕاســتی گوێ لە کەسانی پســپۆر ناگیرێت، بەڵکو یەکێک لەو بەرێوبەرانەی کە بەرپرســی ئاوە دەڵێت: زەوی گەرمیان لێژە و ئاوی بەنداوەکانی ئێران دێتە ژێر زەوی ناوچەکە، کە بەڕاســتی قســەی بەوجۆرە هیچ زانســتی نیە» . عەبدولموتەڵیب رەفعەت، پسپۆری بواری ئاو، وای وت.

لەبەرامبەــردا حامد جومعە، بەرێوبەــری ئاوی ژێر زەوی گەرمیان دەڵێــت: هەوڵددەین لە رێگەی کۆکردنەوەی داتاوە، ژمارەی بیرە نافەرمیەکان بزانین، بەڵام ئەوەشــی هەیە ئاســتی ئاو ژێر زەوی کەمــی نەکردوە، جیاوازی هەیە، بەڵام مەترســییەکی ئەوتۆی نیە وەک ئەوەی باس دەکرێت.

25\05\2022

DENG

ئاستی ئاوی بیر لە قەزای کەلار

| | | 2021 | | | | | 2022 | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | شوێنی بیر | مانگی 3 SWL m | مانگی 6 SWL m | مانگی 7 SWL m | مانگی 9 SWL | مانگی 10 SWL | مانگی SWL 12 m | مانگی 2 SWL m | مانگی 3 SWL m | مانگی 5 SWL m | | | |
| 1 | گەرەکی شیروانە | 10.70 | 11 | 9.50 | 9.40 | 9.5 | 9.4 | 11 | 10 | 10.2 | | | |
| ٢ | گەرەکی شورش(شارەوانی) | 18 | 19 | 18.40 | 18.30 | 18.2 | 18.6 | 18.50 | 18.6 | 18.80 | | | |
| ٣ | گەرەکی کەلار کون (بابا گورگور) | 26.90 | 27.80 | 28 | 28.10 | 28 | 28 | 27.50 | 28.1 | 28.60 | | | |
| ٤ | گەرەکی سیروان | | | | | | | | | | | | |

ئاستی ئاوی بیر لەقەزای کفری

| | | 2021 | | | | | 2022 | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | شوێنی بیر | مانگی 3 SWL m | مانگی 5 SWL m | مانگی 7 SWL m | مانگی 9 SWL | مانگی 10 SWL | مانگی SWL 12 m | مانگی 2 SWL m | مانگی 3 SWL m | مانگی 5 SWL m | | | |
| 1 | گەرەکی رزگاری (هەواری نوی ٢) | 16.60 | 25 | 24.60 | 25.10 | 23 | 25.6 | 25 | 24.6 | 24.80 | | | |
| ٢ | هونەرمەندان | 22.70 | 24.50 | 26 | 27.50 | 28 | 28 | 28.20 | 28.4 | 29.20 | | | |

25\05\2022

DENG

ئاستی ئاوی بیر لە قەزای کەلار

| | | 2021 | | | | | 2022 | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | شوێنی بیر | مانگی 3 SWL m | مانگی 6 SWL m | مانگی 7 SWL m | مانگی 9 SWL | مانگی 10 SWL | مانگی SWL 12 m | مانگی 2 SWL m | مانگی 3 SWL m | مانگی 5 SWL m | | | |
| 1 | گەرەکی شیروانە | 10.70 | 11 | 9.50 | 9.40 | 9.5 | 9.4 | 11 | 10 | 10.2 | | | |
| ٢ | گەرەکی شورش(شارەوانی) | 18 | 19 | 18.40 | 18.30 | 18.2 | 18.6 | 18.50 | 18.6 | 18.80 | | | |
| ٣ | گەرەکی کەلار کون (بابا گورگور) | 26.90 | 27.80 | 28 | 28.10 | 28 | 28 | 27.50 | 28.1 | 28.60 | | | |
| ٤ | گەرەکی سیروان | | | | | | | | | | | | |

ئاستی ئاوی بیر لەقەزای کفری

| | | 2021 | | | | | 2022 | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | شوێنی بیر | مانگی 3 SWL m | مانگی 5 SWL m | مانگی 7 SWL m | مانگی 9 SWL | مانگی 10 SWL | مانگی SWL 12 m | مانگی 2 SWL m | مانگی 3 SWL m | مانگی 5 SWL m | | | |
| 1 | گەرەکی رزگاری (هەواری نوی ٢) | 16.60 | 25 | 24.60 | 25.10 | 23 | 25.6 | 25 | 24.6 | 24.80 | | | |
| ٢ | هونەرمەندان | 22.70 | 24.50 | 26 | 27.50 | 28 | 28 | 28.20 | 28.4 | 29.20 | | | |

دو خشتە ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ دەردەخات

## ٦. گلنەدانەوەی ئاوی سەرزەوی

ئەگەرچی لەگەرمیان دا ٣ روبار و چەندین چەم و لقی دیکەی ئاو هەیە، بەڵام هێشتا گلدانەوەی ئاوەکە بەپێی پێویست نیە، ئەو بەنداوانەشی گرنگن تەواو نەکراون و قەبارەی پۆندەکانیش وەک بەڕێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان دەڵێت: بۆ سنورەکە کەمن.
پسپۆڕێکی بواری پێیوایە دەبێت گرنگی زیاتر بە دروستکردنی بەنداو بدرێت، چونکە ناوچەکە خۆی سەرچاوەی ئاوی تێدایە.
خەلیل بەرزنجی، وەک نمونە ئاماژە بۆ بەنداوی ئاوەسپی کە دەکات یەکێکە لەو بەنداوانەی توانایەکی باشی هەیە بۆ گلدانەوەی ئاو، بەڵام هێشتا ئەم بەنداوە تەواو نەکراوە.
ئەو پسپۆڕە بە گونجاویشی دەزانێت بەنداوێکی دیکە لەتەنیشت بەنداوی باوەشاسوار لەقەزای کفری لەسەر هەمان سەرچاوەی ئاوی ناوچەکە دروست بکرێت.
مامۆستایەکی زانکۆش لەو بارەیەو ئاماژەبە روباری سیروان دەکات کە ساڵانە زیاتر لە ٢ ملیار مەترسێجا ئاوی روبارەکە لەدەربەندیخانەوە بۆ گەرمیان و خواروی عێراق دەچێت، بەڵام نە وەک پێویست پرۆژەی لەسەر دروستکراوە، نە سودی لێوەرگیراوە.
عەبدولموتەڵیب رەفعەت، وتیشی: ئەو پرۆژانەشی دروستکراون هێندە کۆنن بۆ ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردو دەگەڕێتەوە.
یەکێکی تر لە رێگاکانی گلدانەوەی ئاو، پۆندە.
بە خەلیل بەرزنجی، شارەزای بواری ئاو، پۆند بۆ گوند باشە، بەڵام بەجۆرێک لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی بکرێت و دیاری بکرێت لە گەندەکان چەندی بۆ ئاوی خواردنەوە و بەکارهێنانی رۆژانەیە و چەندی بۆ کشتو کاڵ و ئاژەڵداریی.
بەڕێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، ژمارەی پۆندەکانی سنورەکە بە کەم دەزانێت و دەڵێت: دەبو لانیکەم ٥٠ بۆ ٦٠ پۆند لەگەرمیان هەبوایە.

## ٧. کێشەی پۆند و بەنداوەکان

پسپۆڕێک دەڵێت: بەنداوەکانی گەرمیان کێشەیان هەیە، لەوانە باوەشاسوار، پۆندەکانیش ناتوانن ببنە پرۆژەی ستراتیژی بۆ گلدانەوەی ئاو.
عەبدولموتەڵیب رەفعەت، دەڵێت بەنداوی باوەشاسوار کە چەند ساڵێک پێش ئێستا بەهۆی قوڕولیتەوە داخرا کە بەگشتی ٥ بۆ ٨ مەتر دەبو، دواتر لەلایەن کۆمپانیایەکی ئێرانیەوە چاککرا، بەڵام ئێستا بەشێکی زۆری خەزنی لەدەستداوە.
بەشێکی کێشەی بەنداوەکەیشی گەڕاندەوە بۆ دیزاینی هەڵەی بەنداوەکە، کە بەوتەی خۆی: دەبو کۆمپانیای جێبەجێکار بورجی دروست بکردایە، بەڵام رێڕەوەکەی فراوانکرد و پاشان ئاوتلێتی بۆدروست کرد کە ئێستا ئیتر بەنداوەکە زۆر سەرەتاییە و لەگەڵ قەبارەکەی نەگونجاوە.
گرفتەکان لە پۆندەکان دا زیاترن، بەجۆرێک لەوکاتەی دروستکراون تاوەکو ئێستا نەتوانراوە نۆژەن بکرێنەوە.
موئەیەد ئەحمەد، دەڵێت: لە کۆی ٩ پۆند شەشیان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە و یەکێکیشیان پێویستی بە بەفراوانکردن هەیە.
وتیشی: کێشەکی سەرەکی پۆندەکان کۆبونەوەی قوڕولیتەیە، کە بەهۆیەوە ناتوانرێت ساڵانە ئاوی پێویستی بارانی تێدا گلبدرێتەوە.
هاوکات کەمی قوڵی پۆندەکان رێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئاوی پۆندەکان لەوەرزی هاوین بەفیڕۆ بڕوات بەهۆی بەهەڵمبون، بەشێوەیەک ئەگەر قوڵیەکانیان زیاتر بن ئەوکاتە ئەمە گرفتەشی روبەڕو نابێتەوە. ئەم کێشەیە بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان جەختی لێکردەوە.

## ٨. کەمبونەوەی رێژەی ئاو

دروستکردنی بەنداوەکانی ئێران لەسەر روباری سیروان و ئەڵوەند و بەنداوی هەواسانیش، کاریگەری بەرچاوی هەیە، داتاکانی پسپۆڕێک دەرخەری ئەوەن کە ئاوی سەرزەوی لە گەرمیان ٦٥٪ کەمیکردوە.
بەوتەی ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوبەری پێشوی بەنداوەکانی هەرێم، بەگشتی کەمبونەوەی ئاوی روبارەکان بەهۆی دروستکردنی ١٤ بەنداوە لەلایەن ئێرانەوە لەسەر ئەو روبارانەی دەڕژێنە خاکی هەرێمەوە، ئێران لەسەر ئەم بابەتە تەنانەت ئامادەی گفتوگۆکردنیش نیە.
بەراورد بە جاران، روباری سیروان ٧٠٪ی ئاوەکەی لەدەستداوە و رێڕەوی ئاوەکەی بەتەواوی گۆڕاوە، ئەمەش مەترسیە بەگشتی لەسەر ئاوی خواردنەوە بۆ قەزای کەلار کە زۆرینەی ئاوی خواردنەوەی قەزاکە لەسەر روباری سیروانە.
بەوتەی بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، ناچارن بەردانەوەی ئاو تا مانگی یانزە لە ٦٥ مەترسێجای رۆژانە کەمبکەنەوە بۆ زیاتر لە نیوە.
بەهەمانشێوە روباری هەواسان، بەنداوەکانی ئێران بەتەواوی بەرەو نەمانی بردوە.
هەرچی روباری قورەتویە کە پێشوتر نزیکەی ١٥ تا ٣٠ ملیۆن مەترسێجا داهاتی هەبوە، پرۆژە ئاودێریەکانی ئێران تەنگی پێهەڵچنیوە و بەدەر لەوەش پاشەڕۆکانی تاقیگەکانی دەروازەی پەرویزخانی تێکەڵ دەبێت.
عەبدولموتەڵیب رەفعەت، ئاماژەی بەوەدا کە روباری ئەڵوەن خراپترین کاریگەری کەمبونەوەی ئاوی تێدا بەدی دەکرێت و ٨٥٪ ئاوەکەی کەمی کردوە، خودی بەڕێوبەری بەنداوەکەش دەڵێت: ئەڵوەن لە خراپترین ئاستیدایە، ئەمەش وایکردوە لە هەفتەیەکدا ٣ جار ئاو بە ماڵانی قەزاکە بدرێت و هەندێک لە گوندەکانیش بە تەواوی بێ ئاو بن.
بەوتەی بەڕێوبەرێک، لە ناحیەکان دا کێشەی ئاو زەقتر بوە.
نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان کەئاو بۆ قەزای کفری و ٦ ناحیە دابین دەکەن، وتی: مەترسی کەمی ئاو ئەمساڵ لەپارساڵ خراپترە.

## ٩. وشکەساڵی و بەبیابانبون

گەرمیان لەو ناوچانەی هەرێمی کوردستانە کە لە روی باران بارینەوە بە ناوچەی «نامسۆگەر» ناسراوە، بەوەش دوساڵە رێژەی پێویستی باران کە ٢٥٠ ملیمەترە تیایدا نەباریوە، بۆ هەردو ساڵەکەش وشکەساڵی راگەیەنراوە.

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لەمساڵدا ١٨٢ هەزار دۆنم زەوی چێنراو بەهۆی وشکەساڵیەوە فەوتان.

محەمەد رۆستەم، جوتیار لە ناحیەی ئاوەسپی/کفری، دەڵێت: هەر ئەم دو ساڵە ١٨ تەن گەنم وجۆمان کرد، بەڵام لەناوچون و هیچمان بۆ نەمایەوە.

گلەییەکەی ئەو لەوەیە کە ناحیەکەیان بەنداوێکی تێدا بونیاد نرا، بەڵام تەواو نەکراوە و نەیانتوانیوە سودی لێببینن و پشتی پێببەستن، بە بێزارییەکەوە دەڵێت: هیچ کەسێک ئاگاداری دۆخی ئێمە نیە.

ئەم دۆخە نەک بۆ بەرهەمی چێنراو، بەڵکو بۆ ئاژەڵداریش زیانێکی زۆری هەبوە، بەشێوەیەک وەک ئیبراهیم ئەحمەد، بەرپرسی سامانی ئاژەڵ لە کشتوکاڵی گەرمیان ئلماژەی بۆ دا، ٥٠٪ی ئاژەڵدارەکانی گەرمیان بەهۆی نەبونی ئالیک و لەوەڕگای پێویست، ئاژەڵەکانیان دەفرۆشنەوە یان کۆچ دەکەن بۆ ناوچە کوێستانییەکان.

هاوکات بەهۆی نەبونی بڕی ئاوی پێویستەوە، ئەمساڵ بەرهەمەکانی: مەرەزە، گەنمە شامی و کونجی قەدەغە کراون کە پێشوتر تەنها بەرهەمی گەنمەشامی ناوچەکە لەنێوان ١٥٠٠ بۆ ٣ هەزار تۆن دا بوە.

جگە لە کەمی دابارین، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هۆکارێکی دیکە بۆ خراپی دۆخەکە دەخاتەڕو.

شادیە حسێن، وتی: ئیدارەنەدانی ئاوی سەرزەوی هۆکارێکی ئەوەیە کە وشکەساڵی کاریگەری بەو جۆرە خراپە هەبێت، بەنمونە دەتوانرا چەندین پرۆژەی ئاودێری و پۆند دروست بکرێت، بەڵام نەکراوە.

دەشڵێت: دەبێت هەنگاوی جدی بنرێت، چونکە بێباکی لەم بابەتە سنوری گەرمیان روبەڕوی بەبیابانبون دەکاتەوە.

بەبیابانبون، ئەو چارەنوسەیە کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت گەرمیان روبەڕوی ببێتەوە، ئەمەش وتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، رەزاق خەیلانی، جەختی لێکردەوەوە.

بە بۆچونی عەبدولموتەڵیب رەفعەت، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم مەترسیە، گرفتی سیستەمی ئاوە، لەگەڵ گۆڕینی رەگەزی زەویەکان لە کشتوکاڵیەوە بۆ بازرگانی و خراپی شێوازی کشتوکاڵ کردن بە بەکارهێنانی ئاوێکی زۆر و خراپکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان ماندوکردنیان، هاوکات خراپ دەرهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی وەکو نەوت، لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا.

باس لەوەشدەکات مەترسی بە بیابانبون لەگەرمیان لە جۆری سوکە، کە ئەمەش بەو واتایە دێت کە دەتوانرێت هەنگاوی چارەسەری بۆ بنرێت.



# بەشی چوارەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- ناوچـەی گەرمیـان لـە یـەک کاتدا پشـت بە چەنـد سـەرچاوەیەکی ئـاو دەبەسـتێت، لەوانە: ئاوی سـەر زەوی (روبـار و چـەم و بارانـاو)، ئاوی ژێـر زەوی (بیر، ناعـور و کارێز).
هیـچ داتایەکـی ورد نیە لـەوەی ناوچەی گەرمیـان بە هەردو سـەرچاوەکەوە سـاڵانە چەندێـک داهاتی هەیە و لەبەرامبەریشـدا چەندێـک خـەرج دەکرێت.
هەندێـک لـە سـێکتەرەکان بەتایبەتـی ئـاوی مـاڵان، چەنـد داتایەکیـان هەیـە، بەڵام لـە سـێکتەرەکانی دیکـەی وەکـو: پیشەسـازی و کشـتوکاڵی دا هیـچ داتایەکـی ورد بەردەسـت نیە.

- رێـژەی دابەشـکردنی ئـاو بەسـەر ماڵانـدا لەگەرمیان، جیـاوازە بەپێی شـوێنەکان، لـە قەزاکانـدا لەنێوان ٢ هـەزار هەتـا ٨٠ هـەزار مەترسـێجای رۆژانەیە، لـە ناحیەکانیـش لەنێوان ٥٠٠ بـۆ ١٣ هەزار مەترسـێجایە لە رۆژێک دا.

- هەتابێـت دۆخی ئـاو لە ناوچەی گەرمیـان خراپتر دەبێت، لەگـەڵ زیادبونی رێژەی دانیشـتوان و کەمبونەوەی داهاتـی ئـاو، کێشـەی ئـاو رو لە زیاتـر بونە و چـاوەڕێ دەکرێت لـە چەند سـاڵی کەمی داهاتـودا ئەگەر هەنـگاوی کردەیـی بۆ رێکخسـتنەوەی ئـەم بوارە نەنرێـت، ببێت بـە قەیرانێکی گـەورەی ناوچەکە.

- ئیدارەدانـی کەرتـی ئـاو لـە گەرمیانـدا زۆر تەقلیـدی و کۆنە، ئـەو رێگایانەی کـە لەمـڕووەوە گیراونەتەبەر و دەگیرێنەبـەر، هەمـان ئەوانـەن کە چەندین سـاڵە لـە ناوچەکـەدا بونی هەیـە بەبێ ئەوەی تـازە بینەوە و شـێواز و رێکاری تـازە کە ببنە هۆی پاراسـتنی ئـاو، بگیرێنەبەر.

- ئـاوی ناوچەکـە روبـەڕوی چەندیـن کێشـە و مەترسـی دەبێتـەوە، لەوانـە: بەهەدەردانـی ئاوی شـیرین، بـە فیـڕۆدان، پیسـبون، خراپبونـی کوالێتیەکـەی. هـەروەک پرۆژەکانـی بواری ئاویـش وەکـو بۆڕیەکانی گەیاندنـی ئـاوی مـاڵان، پۆند و بەنـداوەکان، روبەڕوی چەندین کێشـە و ئاڵەنـگاری بونەتەوە و پێویسـتیان بـە نۆژەنکردنـەوە و چاکسـازی هەیـە، کـە واپێناچێـت حکومـەت لەمـڕووەوە بیەوێت هەنـگاو بنێت.

- ئـاوی ژێـرزەوی ناوچەکـە روبـەڕوی بەهەدەردانێکـی زۆر دەبێتـەوە، بـە هەزاران بیـر لێدراون کە بەشـی زۆریـان نایاسـایی و قاچاغـن، هیـچ پێوەرێـک بۆ حسـابکردنیان و هیـچ باجێـک لەسـەر بەکارهێنانی ئەو بیرانـە نیـە، ئەمەش وایکردوە سـاڵ دوای سـاڵ ئاسـتی ئاوی ژێـرزەوی کە سـامانی هاوبەشـی نەوەکانی ئێسـتا و داهاتـوی ناوچەکەیـە، کـەم و کەمتـر ببێتەوە.

- بەشـێکی زۆری ئـاوەڕۆ و زێـراب و پاشـەڕۆکان تێکـەڵ بە سـەرچاوەکانی ئـاو دەبنەوە، ئەمەش مەترسـی زۆری تەندروسـتی و هەروەهـا بارگرانی دیکە دروسـت دەکات.

- حکومـەت خاوەنـی هیـچ (لێکۆڵینـەوە، توێژینـەوە و روپێوی)یـەک نیـە لە بـواری ئـاودا لەگەرمیان، ئەم کەرتـە بەبـێ بونـی هیـچ بەرچاوڕونییەکـی زانسـتی کە پشـت ئەسـتور بێـت بـە توێژینەوە و شـیکاریی زانسـتی، بەڕێوەدەبرێـت. هـاوکات ئـەو ئەکادیمیانەی لەم بـوارەدا کاریان کـردوە و توێژینەوەیـان کردوە، نیگەرانـن لـەوەی گوێ لـە راسـپاردە و پێشـنیازەکانیان ناگیرێـت و کارەکانیـان بە هەنـد وەرناگیرێت.

- چەنـد هەنگاوێـک لـە رابردو و ئێسـتادا نـراوە بـۆ پارێزگارییکردن لـە بڕی ئـاو، لەنمونەی دروسـتکردنی پۆنـد و بەنـداو، بـەڵام ئـەو هەنگاوانـە هەندێکیان راگیـراون و هـەروەک بە گشـتیش کەم و سـنوردارن، ناوچەکـە پێویسـتی بە پـرۆژەی زیاترە لەو بـوارەدا.

- کەرتـی ئـاو لەلایـەن زیـاد لـە بەڕێوبەرایەتیەکـەوە ئیـدارە دەدرێـت کە هـەر یەکەیـان پەیوەسـتن بە بوارێکـەوە، ئەمـەش لە یەک کاتدا جۆرێک لە پشـێوی دروسـت دەکات، هـەروەک ئەوەیشـی تێبینی دەکرێت هیـچ بـۆرد و دەسـتە و ئەنجومەنێـک نیە کە ئـەم دەزگایانـە کۆبکاتەوە و پێکـەوە پلان و پـرۆژە دابنێن.

## دوەم: راسپاردەکان

١. پێش هەمو شتێک پێویستە کەرتی ئیدارەدانی ئاو لە هەرێم و گەرمیان رێکبخرێتەوە، ئەویش لە رێگەی پێداچونەوە بە پەیکەری ئەو دەزگایانەی پەیوەستن بە ئاوەوە، پێویستە یەک دەزگا ئیدارەی ئەم کەرتە بدات لە هەمو روەکانەوە، بۆ ئەوەی ئەو پشێویەی کە هەیە چارەسەر ببێت.
بۆ بەجێهێنانی ئەم کارەش، دەبێت حکومەت و پارلەمان رۆڵیان هەبێت و یاسای تایبەت دەربچوێنن.
٢. پێشنیاز دەکەین بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی هەیە، لەئاستی گەرمیان ئەنجومەن یان لیژنە و بۆردێکی تایبەت پێکبهێنرێت بۆ ئیدارەدانی کێشەکانی ئاو، کە هەمو ئەو دەزگا حکومیانە تیایدا بەشدار بێت کە کار لەم بوارەدا دەکەن.
ئەم لیژنە و بۆرد و ئەنجومەنە، وادەکات دەزگاکان لە نزیکەوە بەدواداچون بکەن بۆ کێشەکانی پەیوەست بە ئاو، هەروەک پێکەوەش چارەسەری باشتر بدۆزنەوە.
٣. پێشنیاز دەکەین دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئاو، گرنگی زیاتر بدەن بە داتا و ئامار و توێژینەوە و روپێوی، لەو روەوە یەکە و هۆبە و بەش یاخود لیژنەی تایبەت پێکبهێنن و تۆماری داتاکان بکەن و داتاکانیش بۆ هاوڵاتیان بڵاو بکەنەوە. هەروەک واباشە ساڵانە راپۆرتیان هەبێت بۆ دۆخی ئاو و داتاکانی ساڵی پێشویان بخەنەڕو و پێشنیاز و بۆچون و روانینی خۆیان بۆ داهاتوی کەرتەکە بخەنەڕو و خەڵکی لێئاگادار بکەنەوە.
٤. پێشنیاز دەکەین ئەو رێکارانەی هەن بۆ رێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاو پێداچونەوەیان پێبکرێت و توند بکرێن، لیژنەی جیدی بەدواداچون بۆ ئەم بوارە بکات. هەروەک لە جێبەجێکردنیش دا ئەولەویەت بدرێت بە پرۆژەکانی بواری ئاو، بەتایبەت ئەوانەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیراون یان نەچونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.
٥. ئاوی ژێرزەوی کە پێویستە وەکو عەمبارێکی پارێزراو بێت بۆ ئێستا و داهاتوی رۆڵەکانی ناوچەکە، روبەڕوی بەهەدەردانێکی دڵڕەقانە دەبێتەوە، پێویستە حکومەت رێوشوێنەکانی بۆ بەهەدەردانی ئەم بوارە چڕ بکاتەوە و لێنەگەرێت بەمشێوەیەی ئێستا بێت.
هەروەک پێویستە یاسا و رێنمایی تایبەت بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی دیاریی بکرێت و جگە لەو بەکارهێنانەی کە بۆ گشتییە لە نمونەی پێدانی ئاوی گەڕەکەکان لە رێگەی بیرەوە، لە بەکارهێنانی تایبەتی وەکو: پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی، رێوشوێنەکان توند بکرێنەوە و هەروەها نرخی بەکارهێنانیشی گرانتر بکرێت.
٦. دەبێت جیاکاری بکرێت لەنێوان ئاوی شیرین و جۆرەکانی دیکەدا، ناکرێت هەمان ئەو ئاوەی کە بە ماڵان دەدرێت بۆ خواردنەوە، بە پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و حکومەتیش بدرێت، ئەمە بەهەدەردانە لە پارە و داهاتی گشتی. بەڵکو دەبێت هێڵەکانی جۆرەکانی ئاو جیا بکرێنەوە.
لەم سۆنگەیەشەوە پێشنیاز دەکەین لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوندا بەتایبەت ئەوانەی تازە دروست دەکرێن، پاڵاوگەی دوبارە پاڵاوتنی ئاوی ئاوەڕۆ هەبێت، بەشێوەیەک ئەو ئاوە پاڵێوراوە بۆ ئاودێریی یان پرۆژەی پیشەسازیی بەکاربهێنرێتەوە چ لەناو خودی پرۆژەکە یاخود لە دەرەوەی دا.
٧. دەبێت حکومەت چارەسەری تێکەڵبونی ئاوی پاشەڕۆ و سەرچاوەکانی ئاو بکات، بەتایبەتیش رێگری بکات لەوەی ئاوی ئاوەڕۆی شارەکان بڕژێنە روبار و سەرچاوەکانی ئاوەوە بەبێ هیچ چارەسەر و پاڵاوتنێک.
٨. دەبێت پلانێک هەبێت لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە لە روی ئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازییەوە، بەو واتایەی پرۆژەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت لەوەی تاچەند سودیان دەبێت و تاچەندیش زیان و لێکەوتەی خراپیان دەبێت بەسەر کەرتی ئاوی ناوچەکەوە، لەسەر ئەو بنەمایە رێگە بە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانیان بدرێت.
ئەم پێوەرە بە نیسبەت بوارەکانی دیکەشەوە هەر راستە، بۆنمونە وەکو پرۆژەی نیشتەجێبون، کە پێویستە دۆخی ئاو و سەرچاوەی ئاو و شێوازی دابینکردنی ئاو دەبێت لەپێشەوەی هەر پێوەرێکی دیکەوە بێت بۆ بڕیاردان لە دروستکردنی هەر پرۆژەی نیشتەجێبون دا.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ -٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net